**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٠

**١٩٩٣ ـ بەرگی دەیەم**

---

چاپی یەکەم ١٩٩٨

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) دووشەممە ڕێکەوتی ١٥/١١/١٩٩٣ ـــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٦/١١/١٩٩٣ ـــــ ل٣٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧/١١/١٩٩٣ ـــــ ل٥٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٣/١١/١٩٩٣ ـــــ ل٥٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨) سێ شەممە ڕێکەوتی ٣٠/١١/١٩٩٣ ـــــ ل٦٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩) چوارشەممە ڕێکەوتی ١/١٢/١٩٩٣ ـــــ ل٩٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٠) یەک شەممە ڕێکەوتی ٥/١٢/١٩٩٣ ـــــ ل١٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١) سێ شەممە ڕێکەوتی ٧/١٢/١٩٩٣ ـــــ ل١٥٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٢/١٢/١٩٩٣ ـــــ ل١٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣) دووشەممە ڕێکەوتی ١٣/١٢/١٩٩٣ ـــــ ل٢١١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٤/١٢/١٩٩٣ ـــــ ل٢٢٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٥) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٥/١٢/١٩٩٣ ـــــ ل٢٢٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٦) دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠/١٢/١٩٩٣ ـــــ ل٢٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٧) سێ شەممە ڕێکەوتی ٢١/١٢/١٩٩٣ ـــــ ل٢٩٣

هیناومانننه خواریَ وەکو لیژنەی یاسا، راپۆرتی تایبەتی خۆمان هەیە و دابەش کراوە، پرۆژەکەش وەکو پێشەکی هاتبوو ئەویش لاتانە، ئێمە دەسکاریەکی وامان لیَ نەکردووە، هەندێ پاش وپێش وریَکخستنی یاساییمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەناوی خوای پەخشندەو میهرەبانەوە، بەناوی گەلەوە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەپیَ حوکمی برگە (١) لە مادەی (٥٦)ی یاسای ژمارە«١» سالّی ١٩٩٢ لە سەر پێشنیاری وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری وبڕیار لەسەردانی ئەنجوومەنی وەزیران وئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیَراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢١دا بڕیاری یاسای ژمارە ٢٠ی سالّی ١٩٩٣، یاسای وەزارەتی یارمەتی ومرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

مادە/١ مەبەست لەم ووشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار پەسند ئەکەن، خۆیان بڕیار نادەن. لەبەر ئەوە بەرای من دەبێ ئەم دەقە چارەسەر بکرێت، چونکە لێرە، لەپەرلەمان بڕیار ئەدریَ.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــبـــدولـکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

لەدێری دووەمدا بڕیارێک هاتووە بڕیار لەسەردانی ئەنجوومەنی وەزیران وپەسند کردنی ئەنجوومەنی وەزیرانە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئەوە لە دارشتندا هیچ گرفتێکی وا دروست ناکات، دیارە هەڵەیەک لە مەسەلەی دەربرینەکەی هەیە.

یاسای ژمارە «٢٠» سالّی ١٩٩٣ یاسای وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێمی کوردستانی عێراق

مادە/١ مەبەست لەم ووشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە.

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- ئەنجوومەنی وەزیران: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.

٣- وەزارەت: وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێم.

٤- وەزیر: وەزیری یارمەتی ومرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێم.

٥-بریکار: بریکاری وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە (١) چ تێبینی هەیە؟ کاک د. عیزەدین.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێکم هەیە، نازانم مافی ئەوەمان هەیە دەست کاری هەندێ شت بکەین یا حەقمان نییە؟ کاتی خۆی کە ناوی وەزارەتەکان دانرا لە بارودۆخێکی تردا بووین هێشتا فیدرالیمان جاڕ نەدابوو، هێشتا جۆرە هیوایەک هەبوو جۆرە رێک کەوتنێک، دیارە ئەمان ویست ناوی لێ بنێین وەزارەتی دەرەوە، رەنگە لە حکومەتێکی فیدرالی دەرەوەی نەبێ، بەلاّم لە بیرمە ماموّستا محەمەدی ملا قادر پێشنیارێکی کرد کە ناوی بنێن وەزارەتی پەیوەندی. ئەم ناوە چونکە زۆر درێژە وئێمەش ترسی ئەوەمان بوو ناوی نەنێین دەرەوە بۆ ئەوەی لە دەرەوە پێمان نەڵێن بەرگریتان هەیە، دەرەوەتان هەیە، لە بەر ئەوە نازانم ئەگەر جێی گفتوگۆ کردنبێ هەر وەزارەتەکە ناوی بکەین بە وەزارەتی پەیوەندی رەنگە باشتر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، لە ئەنجووومەنی وەزیرانەوە وا هاتووە ولەسەر ئەو بنەمایە ئەڕۆین، ئەگەر پێویست بکا ئنجا دە ستکاری دەکەین، ئەمە جێگەی ئەوە نییە، ئێستا مادە/١، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟... بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی دووەم/ وەزیر سەرۆکی بالاّی وەزارەتە، بەرپرسیاری یەکەمە لە جێبەجێ کردنی سیاسەتەکەی، بۆ سەرپەرشتی کردنی بەجێ هێنانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر مۆڵەت بدەن، د. کەمال پرسیاری هەبوو.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە لەسەرەتادا نووسراوە بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلەوە، ئەوە نازانم ئەو «وە»ی بۆچی چۆتە سەر؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو وتمان، با وەکو یاسایەکانی تر دابڕێژرێتەوە. ئێستا بابێینەوە سەر مادە «٢».

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە/٢ وەزیر سەرۆکی بالاّی وەزارەتەو بەر پرسیاری یەکەمە لە جێبەجێ کردنی سیاسەتەکەی و

سەرپەرشتیکردنی بەجێ هێنانی یاساو پەیڕەو ورێنماییەکان تیایدا، لەویشەوە بڕیار وفەرمان ورێنمایەکان دەردەچن لە چوار چێوەی ئەرکەکانی وەزارەت ودامودەزگاو دەسەلاتەکانی وگشت کاروبارە ئیداری وهونەری ودارایییەکان لە سنووری ئەم یاسایەدا وبۆشی هەیە هەندێ لەدەسەلاتەکانی خۆی بە بریکای وەزارەت یا بەڕێوبەرە گشتی یەکان یا هەر یەکێک لەوەزارەتدا بەلایەوە پەسەند بێ پسپێرێ ولە بەرامبەر ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا بەو مانایەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەر پرسیارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادەی (٢)، کەس تێبینی لەسەر هەیە؟ فەرموو کاک فرەنسۆ:

**بەڕێز کاک فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر پرسیارێک لە کاک حسێن دەکەم نازانم زۆر دەڵێین دامودەزگا، دام لە کورت کردنەوەی دامەزراوەکانەوە هاتووە بۆ هەر دەزگاکان نەبێ دامودەزگا چییە؟ نازانم لە زۆر شوێن ئەم وشەیە دێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دامودەزگا زیاتر بۆ تشکیلات بەکارم هێناوە دەزگا بۆ (مؤسسەیە)، فلان دەزگا فلان مؤسسە. بەلام دامودەزگا دامەکەم خستووتە پال بۆ (تەشکیلات) بەکارم هێناوە، خۆی لە بنەڕتیەوە عەرەبییەکە چۆن چارەسەر دەکرێ ئنجا منیش کوردیەکە چارە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ روون کردنەوەی ئەو وشەیە کە فەرمووی خۆی داودەزگایە، لە داودەزگای کارو ئیشەوە هاتووە وەکو بلێین هەلگەڕاوەتەوەو بۆتە دام ودەزگا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، چ تێبینی لەسەر ئەو مادە یەنییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ئەم مادەیەش وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە/٣ بریکاری وەزارەت لە سەرپەرشتی کردنی کارەکانی وەزاتدا یاریدەی وەزیر دەدا وئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کە وەزیر پێیان دەسپیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادەی /٣، تێبینی لەسەر هەیە؟ ئەمەش بۆ زانیاری دەقێکە لەیاسای هەموو وەزارەتەکانا هەیە،

ئێستا کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی چوارەم/ وەزارەت ئەم ئەرکانە بەجێ دێنێ:

١- پەیوەندی کردن لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆڤایەتی وسیاسییەکان ودەزگاکانی ڕاگەیاندن.

٢- هەوڵدان بۆ دابین کردنی پشتگیری دارایی ومەعنەوی وسیاسی بۆ هەرێم.

٣- وەرگرتنی (زەمالات) لەوولاتانی دۆست.

٤- هەماهەنگی کردن لە نێوان ڕێکخراوە جیهانیەکان وئەنجوومەنی وزەیراندا.

٥- ڕێکخستن وبەشداری کردن لە گۆنگرە وکۆڕو کۆبوونەوەی جیهانییەکاندا.

٦- ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ جالیەی کوردستانی وڕێکخراوەکانیاندا لەدەرەوەی هەرێم بەمەبەستی هاوکاری کردن.

٧- ڕێکخستنی هاتوو چۆ بۆ ناوەوە ودەرەوەی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە «٤»، چی تێبینی لەسەر هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی/ ٥ وەزارەت لەم دەزگایانەی خوارەوە پێک دێ:

١- نووسینگەی وەزیر.

٢- نووسینگەی بریکار.

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان: کە ئەویش ئەوانەی پێوە دەبەسترێتەوە .

أ- بەڕێوەبەری ژمێریاری.

ب- بەڕێوەبەری کارگیری وخۆیەتی.

٤-بەڕێوەبەرایەتیووردبوونەوە «التدقیق».

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندیەکان کە ئەمیش ئەوانەی پێوە دەبەسترێتەوە:

أ- بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەکان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخستن (تنسیق) وئامادە کردنی پرۆژە ومتابعە.

٦- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی هەیە؟....

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابەباش دەزانم ئەو ووردبوونەوە بکرێ بە(لێوورد بوونەوە) بۆ (تەدقیق) و لێ ووردبوونەوە زیاتر مانای تەدقیق ئەگەینێت وەک لەووردبوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو وەزارەتەکاندا هاتووە کە بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەبێ بروانامەیان چی بێ، بەڵام لەوەزارەتی مرۆڤایەتی ئاماژە بەوە نەکراوە کە بەڕێوەبەری گشتی دیوان یان ئی ژمێریاری بروانامەیان چی بێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو بنەما لە هەموو وەزارەتەکاندا بەڕێوەبەری گشتی ئەبێ بروانامەیەکی دانیشتگای هەبێ، لە هەموو وەزارەتەکان ئەوەمان جێگیر کردووە، لێرەش دەبێ جێگیر بکرێ وبڕگەیەک بۆ ئەم مەبەستە زیاد بکرێ.

**بەڕێز مەلا محەمەد عبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئێمە هەمووومان دەزانین جالیەکی کوردی زۆر هەیە لە پەنا بەرانی کورد لەدەرەوە بەشێوەیەکی بەر بڵاوو، ئەوانە زۆر خەڵکی دەولەمەندیان تێدایە تا ئێستا بە شێوەیەکی ڕێک وپێک هاوکاری ئەو برادەرانەی دەرەوە، ئەو کوردانەی دەرەوە ڕێک نەخراوە کە چۆن ئەتوانن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاوکاری بکەن ئەو وەزعە نالەبارەی کە ئێستا لە کوردستانا هەیە، من وام بەلاوە چاکە کە بەڕێوەبەرایەتیەک بۆ ئەو مەبەستە دیاری بکرێ بە مەبەستی ئەوەی سەر ژمێری گشتی لەدەرەوە بکەن وئەوەندەی دەکرێ پەیوەندییان پێوە بکرێ بۆ ئەوەی یارمەتیان لێ وەرگرین بۆ کوردستان، دووەم هەر ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هاتو چووی دەرەوە ڕێک بخات، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد توفیق/ وەزیری مرۆڤایەتی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەسەلەیە کە پەیوەندی بە جالیەی کوردییەوە هەیە لە دەرەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانیاندا، بێگومان ئەوانە خۆیان ئازادن لەوەی کە چۆن کاری خۆیان ڕێک دەخەن، بەڵام لەو شوێنانەی کە حکومەتی هەرێم نووسینگەی هەبێ ئەوە تەنسیق هەیە لەگەڵیاناو بەرێک وپێکی پێکەوە ئیش دەکەن، بەڵام هەر وەکو گووتم هەندێ لەو جالیانە فراوانترن لەوەی کە تەنیا جالیەی هەرێمی کوردستانی عێراق بن، کارێکی تریشی تێدایە لە بەر ئەوە ناکرێت زۆر بە دیاری کراوی باسی ئەو بابەتانە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیر خۆی لێرەیە ئەگەر پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەک کرد ئاراستەی جەنابی وەزیری دەکەین، پرۆژە، پرۆژەی وەزارەتە، ئەگەر شتێکی یاسایشمان پێویست بوو داوای ڕوونکردنەوە دەکەین. مەسەلەی کاروباری گشتیش ڕوونەو وەڵام دراوەتەو،ە ئەگەر تەعقیب لەسەر بابەتەکەش هەیە فەرموون؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکا دەکەم ئێمە ئەگەر قسەکەمان کرد قانونی نەبوو ئەوە پەرلەمان با ڕەدمان لێ بداتەوە، ماقووڵ نییە ئێمە بەو گرژییەوە ئیش بکەین، ئەگەر قسەکەم نەکردیە چۆنت زانی یاسایی یە یاخود یاسایی نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نەم گوتووە یاسایی نییە، دەڵێم وەزیر وەڵامی دەداتەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕوونکردنەوەم هەبوو دەڵێم لەمادەی (٩) بۆ هەموو وەزارەتەکەمان داخل کردووە هی هۆبەو بەشەکان دابنێ کەی پێویست بوو خۆی دایدەنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە گرژی نییە، تکا دەکەم باسی ئەوە مەکەن، پرسیارەکە ئاراستەی وەزیر کرا، وەزیر وەڵامی دایەوە، خاوەن پرسیار بەدواداچوونی نییەو تەواو بوو، کەی هاتینە سەر مادە (٩)یش ئەوکاتە دەخوێندرێتەوە، خاوەن پرسیاریش کە تەعقیبێکی هەیە ئامادەین بۆ وەڵام دانەوە ئەوەی پرسیاری کردووە وەڵامەکەی بەدڵ نەبوو لەوێ ڕادەوەستێ ئەگەر پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی یاساییە ڕوونی بکەنەوە، سێ پرسیار هەبوو جەنابی وەزیر وەڵامی دانەوە، ئێستا مادە «٥»، کێ لەگەڵە وەکو خۆ بمێنی؟ پاش ئەو هەموارکردنەی دەربارەی بەڕێوەبەری گشتی کرا؟... کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی شەشەم/ ئەرک وتایبەتکاریەکانی دامودەزگاکانی وەزارەت بە پەیڕەوێک دیاری دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە/٦، ئایا تێبینی هەیە؟... د.عیزەدین فەرموو.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکی گشتیم هەیە، بەڵام لەم مادەیە دەی ڵێم. جارێ یەکەم ئاواتی من وگەڵێ برادەر

هاتووته دی که ئەم یاسایە بەکوردی ئەخوێندرێتەوە وهەنگاوێکی پیرۆزە، کوردیەکە هێشتا جێی خۆی نەگرتووە هیوام وایە پێش چاپ کردن گەلێ تێبینیم لەسەر رێنووس ولە سەر وشەکانیش هەیە، هیوام وایە لەگەڵ برای بەڕێز کاک حسین پێکەوە دابنیشین، قەناعەت بەیەک بکەین کە دەستکاریەکی دارشتنەکە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەمە رەنگە زاراوە وشتەکان هی من بێ، بەڵام نایەتە خەیالم کە بە عەرەبی هاتبێ، من وەرم گێراوە رەنگە کاک ئەحمەد خۆیان سوودیان لە زاراوەی من کردبێ خۆیان دایان رشتووە، خراپ نییە رێک وپێکە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەرگیز ئێمە دەستکاری یاساکەمان نەکردووە، تەبیعی لامان پەسند بوو، چونکە پێکەوە گفتوگۆمان لەسەر کرد دەستکاریمان نەکردووە، لەلانی زمانەوە وەکو خۆی دارشترایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر چ تێبینی لە بارەی دارشتنەوە هەبوو بیدەن بە لیژنەی یاسا. مادە/٦، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکرای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی/٧ وەزارەت لێپرسراوە لە کردنەوەو سەرپەرشتی کردنی نووسینگەی «مکاتب»ی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە بە رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە/٧، کێ تێبینی لەسەری هەیە؟... کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێ؟ .. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکرای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی/٨ وەزیر بۆی هەیە کۆمیتەی کاتی وهەمیشەیی دروست بکات بۆ کارێکی دیاری کراو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە/٨، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکرای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی/ ٩ وەزیر بۆی هەیە بەپێی پێویست لە چوارچێوەی دامودەزگاکانیدا بەش وهۆبەی(اقسام وشعب)ی نوێ پێک بێنێ یا لە یەکیان بدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە/ ٩، تێبینی نییە... کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە«٩» وەکو خۆی بمێنێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی/ ١٠ کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە/ ١٠، کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی/ ١١ دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە/ ١١، کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە/ ١٢ ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەیەوە لەڕۆژنامەی ڕەسمی دا کاری پێ دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادەی/ ١٢، کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە. فەرموو کاک عدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا شتێکە پەیوەندی بە لیژنەی یاساوە هەیە، زۆر جار ئێمە لەسەرۆکایەتیەوە جەختمان لە سەر کراوە بەپێی پێڕەوی ناوخۆ کە دوو پرۆژە پیشکەش بکەین، پرۆژەی ئەسلی لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسا، ئێمە کاتی خۆی ڕاڤەمان کرد گوتمان لە بەر ئەوەی کارەکان بەپەلە بوون ولیژنەی یاسا هەست بەلێپرسراویەتی دەکەن، لە بەر ئەوە شتەکە بەپەلە بوو یا کوردایەتی وای دەخواست، ئێمە ئێستا بەگویرەی پێڕەوی ناوخۆ دوو پرۆژەمان پێشکەش کرد، کە چی لە سەرۆکایەتیەوە

سەرنجیان راکێشاین بۆ ئەوەی وەک بڵێی بابەتەکە بەو شێوەیە دوو پرۆژەیە، پرۆژی وەزارەت، ئەوەی تر راپۆرتی لیژنەی یاسا ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس کاکە عەدنان، بەڵام سەرنجیان رانەکێشاین، بەحەقیقەت بابە روونی قسە بکرێ، حەق نییە بەو شێوەیە بێن، سەرنجی لیژنەی یاسامان رانەکێشا. گوتیان دوو وەرەقە هەیە، دوو پرۆژە هەیە، یەکیان پرۆژەی وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتییە، ئەوەی تر هی لیژنەی یاسایە، ووتمان ئەمەی کاروباری مرۆڤایەتی وەرەقەیەکی درێژ ترو سپیترە، ئەوی تر کورت ترو ئەسمەر ترە، گوتمان ئەمەیان شتێکی باشتان کردووە، ئەوەی هات وەکو پرۆژەیەک لەوەیە هەندێ کەمو کوڕی هەبێ چ لە لایەنی زمانی دارشتنەوە، چ لە لایەنی دارشتنی یاساییەکەیدا، هەموو جارێک ئێمە لە سەر ئەوە رویشتووین و تۆومانە کە شتێکی باشتان کردووە، پرۆژەکەی کاروباری مرۆڤایەتی دابەش کراوە بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا، هیوادارین لەمەو لا بەو شێوەیە ئیش بکەین، ئێستا کێ لەگەڵە ئەم یاسایەیە کە بەگشتی وەکو خۆی پاش ئەو هەموارکردنانەی کە کران پەسەند بکرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ ..بەزۆربەی دەنگ.. ئەم یاسایە پەسند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پیرۆزبایی لە وەزارەتی مرۆڤایەتی دەکەم کەوا بە ئاسانی لێرە پرۆژەکەیان باسی لێ کرا. پیرۆز باییبیان لێ دەکەین کە ئەمە یەکەم یاسایە پاش دروستکردنی ئەو دەستە سەرۆکایەتییەی هەرێمی کوردستان بریار، بە ئیمزای ئەوان بلاو دەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ هەمووان، دانیشتنی ئەمرۆمان کۆتایی پێهات....

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم ووشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- ئەنجوومەنی وەزیران: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.

٣- وەزارەت: وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێم.

٤- وەزیر: وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێم.

٥- بریکار: بریکاری وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێم.

**ماددەی دووەم:**

وەزیر سەرۆکی بالای وەزارەتە بەرپرسیاری یەکەمە لەجێبەجێ کردنی سیاسەتەکەی و سەرپەرشتیکردنی بەجێهێنانی یاساو پەیرەو ورێنماییەکان تیایدا لەویشەوە بریار وفەرمان ورێنماییەکان دەردەچن لەچوارچێوەی ئەرکەکانی وەزارەت ودام و دەزگا ودەسەلاتەکانی وگشت کاروبارە ئیداری وهونەری ودارایییەکان لەسنووری ئەم یاسایەدا وبۆیشی هەیە هەندێ لەدەسەلاتەکانی خۆی بەبریکاری وەزارەت یابە بەرێوەبەرە گشتی یەکان یا هەر یەکێک لە وەزارەتدا بەلایەوە پەسند بێ بسپێرێ و لەبەرامبەر ئەنجومەنی وەزیرانیشدا بەو مانایەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەرپرسیارە.

**ماددەی سێ یەم:**

بریکاری وەزارەت لەسەرپەرشتی کردنی کارەکانی وەزارەتدا یاریدەی وەزیر دەدا وئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کەوەزیر پێ یان دەسپێرێ.

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەت ئەم ئەرکانە بەجێ دێنێ:

١- پەیوەندی کردن لەگەڵ رێکخراوە مرۆڤایەتی وسیاسی یەکان ودەزگاکانی

راگەیاندن.

٢- هەوڵدان بۆ دابینکردنی پشتگیریی دارایی ومەعنەوی وسیاسی بۆ هەرێم.

٣- وەرگرتنی (زمالات) لەووڵاتانی دۆست.

٤- تەنسیق کردن لەنێوان رێکخراوە جیهانی یەکان وئەنجومەنی وەزیراندا.

٥- رێکخستن وبەشداری کردن لەکۆنگرەو کۆڕو کۆبوونەوە جیهانی یەکاندا.

٦- رێکخستنی پەیوەندیی لەگەڵ جالیەی کوردستانی ورێکخراوەکانیان لە دەرەوەی هەرێم بەمەبەستی هاوکاری کردن.

٧- رێکخستنی هاتووچۆ بۆ ناوەوە ودەرەوەی هەرێم.

**مادده پێنجەم:**

وەزارەت لەم دەزگایانەی خوارەوە پێک دێت:

١-نووسینگەی وەزیر.

٢- نووسینگەی بریکار.

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان: فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەرێوەی دەبا دەبێ باوەڕنامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ.

أ - بەرێوەبەرایەتی ژمێریاری(الحسابات).

ب- بەرێوەبەرایەتی کارگێری وخۆیەتی(الاداره والذاتیه).

٤- بەرێوەبەرایەتی ووردبوونەوە(التدقیق).

٥- بەرێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندی یەکان: فەرمانبەرێک بەپلەی بەرێوەبەری گشتی بەرێوەی دەبا دەبێ باوەڕنامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ.

أ - بەرێوەبەرایەتی رێکخراوەکان.

ب- بەرێوەبەرایەتی رێکخستن(تنسیق)و ئامادەکردنی پرۆژە ومتابعە.

٦- بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسا.

**ماددەی شەشەم:**

ئەرک وتایبەتکاری یەکانی دام ودەزگاکانی وەزارەت بە پەیرەوێک دیاری دەکرێن.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزارەت لێپرسراوە لەکردنەوە وسەرپەرشتی کردنی نوسینگەی(مکاتب)ی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لەدەرەوە بەموافقەتی ئەنجوومەنی وەزیران.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیر بۆی هەیە کۆمیتەی کاتی وهەمیشەیی دروست بکات بۆ کارێکی دیاری کراو.

**ماددەی نۆیەم:**

وەزیر بۆی هەیە بەپێ پێویست لەچوارچێوەی دام ودەزگاکانیدا بەش وهۆبەی(اقسام وشعب)ی نوێ پێک بێنێ یا لەیەکیان بدا.

**ماددەی دەیەم:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کەلەگەڵ ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی یازدەیەم:**

دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکا.

**ماددەی دوازدەیەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**